# ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری لەدەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی جەماوەری شاری کەرکوکەوە

**جارێکی تر خۆپیشاندان دژ بەبڕیاری بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی لەگەڕەکی شۆرجە شاری کەرکوکی هەژاند**

**دوای نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممەی‌ڕێکەوتی 2005/12/29 بەبانگەوازێك لەلایەن دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی جەماوەری شاری کەرکوکەوە بۆ خۆپیشاندان دژ بە بڕیاری بەرز بوونەوەی نرخی بەنزین و سووتەمەنیکانی تر کرابوو جەماوەری گەڕەکی شۆرجەی خۆ ڕاگر هاتنە مەیدان دەستیان دایە خوپیشاندان و شەقامی گشتی شۆرجەیان گرت و دەستیان دایە هوتاف کێشان وناڕەزایەتی دەربڕین ولەگەل دەست پێکردنی خۆپیشاندانداندا تا دەهات جەماوەر پەیوەست ئەبوون بە خۆپیشاندانەکەوە ، سەرپەشتی خۆپیشاندانەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن هاوڕێیان رەمەزان سابیر ، ئازاد مەجید ، محمد عزیز ،علی قادرەوە ئەکرا ، لە سەرەتادا ئازاد مەجید بە بڵند گۆ دەدەستی کرد بە قسە کردن وباسی لە زەرورەتی خۆپیشاندانە کەکردو تەئکیدی لەسەر ئەوەکردەوە کە هەمیشە تاکە ڕێگا بۆ بەدیهێنانی خواستەکانمان خۆپیشاندان و هاتنە مەیدانمانە بۆ فشار خستنەسەر دەسەڵات تاکو ملکەچی داخوازیەکانمان بن دواتر دەستی کرد بە شیعار وتنەوە جەماوەرەکەش بەدوایدا ئەیانوتەوە . پاشان رەمەزان سابیر وتەیەکی پێشکەش کردو تیادا باسی لە بێ دەربەستی دەسەڵاتداران کرد لە بەرامبەر خواستەکانی جەماوەر داو وەزەرورەتی هاتنە مەیدانی جەماوەر بۆ ناچار کردنی دەسەڵات مل دان بە خواستەکانی جەماوەر . خۆپیشاندان هەر درێژەی هەبوو وبەردەوام خەڵك ڕوو لە زیادی بوو پاش دوو سەعات درێژەدان بە خۆپیشاندان یاداشتنامەی کۆبونەوە جەماوەرییەکە لە لایەن ڕەمەزان سابیرەوە خوێندرایەوە وەیەك دەنگ لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە بە بەڵێیان بۆ ئەو یاداشتنامەیە داو داوایان کرد کە بدرێ بە لایەنە بەرپرسەکان وەوەڵامی فەوری پێ بدرێتەوە .پاشان سەرەڕای ڕاگەیاندنی دەستە بە کۆتایی هێنان بە خۆپیشاندان بەڵام ئاستی بێزاری خەڵك ئەوەندە بەرز بوو کە بەردەوامیان خۆپیشاندان دا و فەزای شەقامەکەی بە تەواوی داگرتبو وە پۆلیس و حەرەس وەتەنی پەیتا پەیتا لە هەوڵی بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەراندا بوون بەڵام هەمیشە لەگەڵ های هۆی ڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵك لەگەڵیان دەرگیر ئەبوون پاشان پۆلیس وەکو پیشەی هەمیشەی خۆیان دەسیان دا بە تەقە کردن و تۆقاندنی خەڵك بەڵام جەماوەر زۆر چاو نە ترسانە بەردەوامی بە خۆپیشاندان دا بە جۆریك کە پۆلیسەکان نەیان دەوێرا زۆر نزیك بکەونەوە لە خۆپیشاندەران ئەمەو خۆپیشاندان هەر درێژەی هەبوو تاکو ئێوارەیەکی درەنگ و پۆلیس دەستی کرد بە گرتنی خەڵك وەژمارەیەك لە خۆپیشاندەران گیراون وتاکو ئەم ڕاگەیاندنە چارەنووسیان نەزانراوە .**

**هەروەها هاوڕێیان رەمەزان سالح ، ستار غریب ، ئەیاد سەعید هاوکاری بەڕێخستنی خۆپیشاندانەکەیان کرد ئەمە و هاوڕێ زمناکۆ عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ئامادەی خۆپیشاندانەکە بوو .**

**دەستەی داکۆکی کردن لە داخوازیەکانی**

**جەماوەری شاری کەرکوك**

2005/12/29